# ڕۆژی گەل
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە 193) یەکشەممە ٢٠٠٧/٨/26


## وارنەر داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات

وارنەر یەکێک لە سەناتۆرەکانی پارتی کۆماریخوازی ئەمریکا دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەیدا بۆ عێراق لە ڕیگەی ڕاگەیاندنەکانەوە داوای لە جۆرج بووش کرد کە پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەیەک لە سەربازەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە.

جۆن وارنەر سەرۆکی پێشووی کۆمیتەی ڕاژەی چەکداری لە ئەنجومەنی پیران دا داوای لە بووش کرد کە لەنێوەراستی مانگی ئەیلول دا، لەوکاتەی کە دیڤید پاتریۆس، سەرۆکی هێزەکانی هاوپەیمانان و رایان کرۆکەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق ڕاپۆرتی خۆیان سەبارەت بە ڕەوشی عێراق بەرز دەکەنەوە، بڕیاری کشانەوەی بەشێک لە سەربازەکانی خۆی بدات.

وارنەر پێیوایە کشانەوەی پێنج هەزار سەرباز لە عێراق ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ سەرکردەکانی عێراق تا بیر لە خۆیان و ڕەوشی خۆیان دا بکەنەوە و باشتر کار بکەن.


3 ل — لادانی مالکی هەڵوەشانەوەی عێراقی لێدەکەوێتەوە
4 ل — هاوسەرگیری مسیار شێوازێکی تر بۆ چەوسانەوەی ژنان!
5 ل — ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەنێوان کولتوری یەهودو ئیسلامدا
6 ل — بە ڕەنجی من پێدەگا و ژنێکی دیکەش دەخوازێ


# شوێن پەنجەی تورکیاو سوریا لە تەقینەوەکانی شەنگال دا بەدیدەکرێ

**هەواڵەکان:** ماڵپەڕی مانشێت نیوز نووسیویەتی کە دەزگەی هەواڵگری تورکیا (میت) لە ڕیگەی کۆنسوڵگەری تورکیا لە موسڵ بەرنامەی هێرشەکانی سەر کوردانی ئێزدیان دارشتووە، بە ئاسانکاری پارتی دادو ئازادی کوردستان کە لەلایەن کۆنە بەعسیەکانەوە پێکهێنراوە، ئەنجام دراوە.

بەگوێرەی ماڵپەرەکە پارتی دادو ئازادی کوردستان کە ئەرشەد زێباری بە کۆمەک و هاوکاری تورکیاو سوریاو سعودیە پێکی هێناوەو ژمارەیەک سەرۆک هۆزی لەخۆی کۆکردۆتەوەو دەیەوێ ململانێ لەگەڵ پارتە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان دا بکات، بۆ ئەوەی پشتیوانی هەریەکە لە سوریاو تورکیا مسۆگەر بکات، ئامادەیی خۆی بۆ هەرچەشنە هاوکاریەک لەگەڵ ئەوان دا پێشان داوە.

پێشتر ماڵپەڕی پەیامنیر ڕایگەیاندبوو کە دەزگەی هەواڵگری سوریا دەستی لە تەقینەوەکانی دژ بە کوردانی ئێزدی دا هەبووە کە نزیکەی ١٢٠٠ کەس تێیدا شەهیدو بریندار ببون، بەڵام تا ئێستا هیچ یەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ئەم هەواڵەیان سەر ڕاست نەکردۆتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە سوننە توندڕۆکان بە هاوکاری دەرەکی هەوڵی کۆچ پێکردنی ئێزدیەکان دەدەن، دەیانەوێ کوردانی ئێزدی ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن کە سنووری هاوبەشیان لەگەڵ سوریادا هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دیمەشق ئاسانکاریان بۆ دەکات تا لە ڕیگەی سوریاوە بەرەو وڵاتانی ئەوروپا بڕۆن، هەروەها حکومەتی ئەنکارا کۆنسوڵگەری لە شاری موسڵ کە تورکمانیشی تێدا نیە کردۆتەوەو داوەتنامەی بۆ سەفەرکردنی ٧٠ هەزار ئێزدی دابین کردوو..

## ئۆجەلان: مانەوەم لە ڕەوشی سەختی زیندان دا ئەوەیە کە بۆچوونەکانم دەڵێم

**عەبدوڵا ئۆجەلان** سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە دوایین دیداری خۆی لەگەڵ پارێزەرانی دا بۆ جارێکی دیکەش بە توندی ڕەخنەی لە سەرکردەکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP گرت و ڕایگەیاند پێش ئەوەی کە سوێند بخۆن، باشتر بوو، پرۆتۆکۆلێکیان ئامادەکردبا، بە چ مەرجێک تەڤلی سوێندخواردنەکە دەبن، سوێند خواردن زەرورەتێکی دەستووریە، پێویستە ئەنجام بدرێ، بەڵام پەسند کردنی هەر وەکو ئەمەی کە هەیە، درووست نیە!

ئۆجەلان گوتبووی کە ڕۆژنامەکان من بە دەست تێوەران لە کاروباری ناوخۆی DTP تۆمەتبار دەکەن، بەڵام من مافی وەڵام دانەوەم هەیە، من تەنیا بۆچوونەکانی خۆم دەڵێم و ڕەخنە دەگرم، مەرج نیە کە بە قسەی من بێ! من نە منداڵم و نە سیاسەت کردنم کۆنە، من کەسێکی ئەکتیڤی سیاسیم، بانگەشەی سیاسیانەشم هەیە و خاوەنی هێزیشم، بەڵام مەرج نیە من پەسند بکەن! من بۆ چوونی خۆم دەڵێم، دەوڵەتیش هێزو هزرو بیری من دەزانێ و ٢٤ کاتژمێر سوودی لێوەردەگرێ، وتەکانم وشە بە وشە تۆمار دەکرێن، من بێ ئەوەی لە هیچ شتێک بترسێم ئەوە ماوەی ٩ ساڵە پرۆژە دەخولقێنم، ڕامان و بۆچوونە سیاسیەکانی خۆم دەڵێم، هۆی مانەوەشم لەم ڕەوشە سەختەی گرتووخانەدا هەر ئەوەیە!

ئۆجەلان گوتویەتی: من پێشبینی هێرش کردنە سەر ئێزدیەکانم کردبوو، ئێستاش دەڵێم: تورکیا، سووریا و ئێران بە نیازن دژ بە کورد شەڕ بکەن، وەک دیارە تورکیا نایەوێ بە ئاسانی دەست لە عێراق هەڵگرێ بۆیە پێویستە تاڵەبانی و بارزانی لە سەر کێشە بنەڕەتیەکان دانوستاندن لەگەڵ تورکیا دا بکەن، بەڵام پ.ک.ک نەکەنە ئامێر و بیانوویەک بۆ گفتگۆ، هەروەها نابێ پەکەکەش وەک بیانووخۆی بداتە دەستیان، ئەگەر تورکیا و سووریا دژ بە کورد شەڕ بکەن، هاوپەیمانی شیعە و کورد قووڵتر دەبێ و زۆریش ئاساییە کە گەریلا خۆ لە بەرانبەر هەر هێرشێک دا بپارێزێ.



## عەلاوی سەرنجی بووش ڕادەکێشێ

**هەواڵەکان:** ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق لە ڕیگەی ناوەندێکی نزیک لە کۆماریخوازەکانی ئەمریکاوە هەوڵ دەدات کە سەرنجی جۆرج بووش و حکومەتی ئەمریکا بەلای خۆی ڕابکێشێ.

ئێستا عەلاوی (Barbour Griffith and Rogers) بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە بووش بەکار دەهێنێ کە لوبیێکی نزیک بە کۆماریخوازەکانە.

عەلاوی دەزانێ کە ژمارەیەک لە سیاسەتمەداری توانامەندی کۆنگرێسی ئەمریکا پێشنیاری لادانی مالکی دەکەن و ئەو بە چاوگەی هەموو کێشەکان دادەنێن و پێیانوایە کە نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی وەکو سەرکۆماری هەموو پێکهاتەکان بەڕێوەببات.

بەگوێرەی زانیاریەکان لە دەستپێکدا ئەیاد عەلاوی گوژمەی ٣٠٠ هەزار دۆلاری وەکو دیاری پێشکەش بە Barbour Griffith and Rogers کردووە، بە نیازیشە لە داهاتوودا بەرتیلی زیاتری پێبدات.

ئەیاد عەلاوی بۆ ئەوەی سەرنجی سەناتۆرەکان و ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا ڕابکێشێ لەم دواییانەدا لە ستوونێکی ئازدی ڕۆژنامەی **واشنگتن پۆست** دا بەتووندی ڕەخنەی لە مالکی گرتووە و هێرشی کردۆتە سەر، حکومەتەکەی بە تایفەگەری تۆمەتبارکردووەو بە بەرپرسیاری کێشەکانی نێوەخۆی عێراقی داناوە.

## هاوکاری نێوان تورکیا و ئێران ئەمریکا نیگەران دەکا

گۆڤاری ناوداری **ئیکۆنۆمیست** لە هەواڵێکی خۆیدا نیگەرانی ئەمریکای سەبارەت بە هاوکاری نێوان ئێران و تورکیا دیارکردووە.

گۆڤارەکە نووسیویەتی پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا بە ڕەفتارەکانی خۆی حکومەتی ئەمریکای بێزارکردووە، بەتایبەتیش پەیمانی وزەی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی تورکیا کە سەرکۆماری ئێران زۆر دڵی پێخۆشەو جۆرج بووشیش زۆر پێی نیگەرانە.

گۆڤارەکە نووسیویەتی حکومەتی تورکیا هەوڵ دەدات لەنێوان ئەورووپاو ڕۆژهەڵات دا ببێتە چاوگەی وزە، بەوهۆیەشەوە لە یەکێتی ئەوڕوپا پەسند بکرێ و وەربگیرێ. ئەو پێیوایە کە هێڵی بۆڕی نەوتی نێوان باکۆ-جەیهان جێگەی نیگەرانی رووسیایە، بۆیە تورکیا بەلای ئێران بای داوەتەوە، ئەمەش حکومەتی ئەمریکای پەست و نیگەران کردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە رووسیا دەیەوێ لە ڕیگەی دەریای ڕەشەوە گازی خۆی بە وڵاتانی ئەوڕوپا بگەیەنێ، نێزیکبوونەوەی تاران و ئەنکارا هاوکاری ئەو پرۆژەیە دەکەن.

گۆڤارەکە دەنووسێ تورکیا لەوە دڵنیابووە کە لە هێرش کردنە سەر پەکەکە ئەمریکا هاوکاری لەگەڵ دا ناکات، بۆیە خۆی لە ئێران نزیک کردۆتەوە، لەبواری وزەو کارەبادا پەیماننامەی لەگەڵ دا بەستووەو لێشی دەخوازێ بۆ لێدانی پەکەکە هاوکاری لەگەڵ دا بکات.

چاودێران پێیانوایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێگەی هەرێمی خۆی بەهێزکردووە، لەلایەکەوە حکومەتی بەغداد هانای بۆ دەبات، ئازەربایجان لە بوارەکانی وزە، کارەبا، خزمەتگوزاری گشتی و ئاسایش دا پەیماننامەی لەگەڵ تاران مۆرکردووە، لەلایەکی دیکەشەوە ئانکارا کە بە دۆستی دێرینی ئیسرائیل و ئەمریکا ناسراوە خۆی لە ئێران نزیک کردۆتەوە، پەیماننامەی وزەو کارەباو ئاسایشی لەگەڵ دا مۆرکردووە، ئەوانەش حکومەتی ئەمریکای نیگەران کردووە، بە قازانجی ئێران و زیان بۆ بەرژەوەندەکانی خۆی لێکی دەداتەوە.

### لە ستۆکهۆڵم ستۆدیۆی ڕۆژهەڵات TV تاڵان دەکرێ

سەرچاوەیەکی پۆلیسی سوید ئاشکرای کرد کە شەوی شەممەی هەفتەی ڕابردوو ستۆدیۆی کەناڵی ئاسمانی ڕۆژهەڵات TV بێ ئەوەی دەرگەی بشکێندرێ تاڵان کراوە، هەموو ئامێرو پەروەندەکان دزراون و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراونەتەوە کە چاودێران ئەمە بۆ ناکۆکی نێوان هەر دوو باڵی کۆمەلە دەگێڕنەوە.

## ڕۆژەڤ

ئەزموونی چوار ساڵی ڕابردوو هەموو ئەو گریمان و لێکدانانەوەی پوچەڵ کردەوە کە بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق دادەڕێژران، ئێستا نەک هەر حکومەت لە تەنگژەدایە، بەڵکو عێراق لە ڕەوشێکی پێشبینی نەکراودا تێپەڕ دەکات. جاران پێکهاتەکانی عێراق و هێزە سیاسیەکان و وڵاتانی دراوسێ و ئەمریکاو ئەوڕوپاش بە جۆرێکی دیکە لە داهاتووی عێراقیان دەڕوانی، بەڵام ئێستا هەموو نیگاکان بۆ یەکەمین خاڵی ئەو هاوکێشەیە دەگەڕێنەوە کە نەزانانە عێراقی لەسەر دروست کراوە.

دروستکردنی وڵاتێک لە بەیەکەوە لکاندنی هەر سێ ویلایەتی موسڵ و بەغداد و بەسرەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی نەک هەر خێری هیچ یەک لە پێکهاتەو ویلایەتەکانی تێدا نەبووە، بەڵکو بە درێژایی ئەو ماوەیە لە نێو ناکۆکی و ململانێ و کوشتارو خوێن دا تەکانی داوە. ئەگەر جاران لە کلاورۆژنەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆردا ئاسۆی عێراقێکی ئارام و ئاسوودە وێنا دەکرا، ئێستا نەک هاوکێشەکان خۆ بەخۆ دووپات دەبنەوە، بەڵکو چەوسانەوەو ستەم، ڕاوەدوانان و ڕفاندن، گرتن و زیندانی کردن، کوشتن و یەکتر پەسند نەکردن وەکو جاران درێژەیان هەیە، پیاوان دەکوژرێن، ژنان ڕەشپۆش دەکرێن و مناڵان سێوی دەمێننەوە و شیرازەی خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات.

بۆ ژیانێکی باشترو داهاتوویێکی ئارام و ئاسوودە دەبێ چاو بە هەڵەکانی ڕابردوو بخشێنینەوە، بۆ ئەو خاڵە ناکۆکانە بگەڕێینەوە کە بەبێ ویست و ڕاوێژی دانیشتووانەکەی وڵاتێک پێکهێنراوە، ئەگەر شیعە و سوونە کە هەردووکیان عەرەبن لەگەڵ یەکتر ڕێکنەکەون و هەڵنەکەن، ئەی چۆن داوا لە کوردو تورکمان و ئاشووری دەکرێ کە زمان و ژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەواندا بدۆزنەوە! ئەگەر شیعەو سوونە شەڕی دەستەڵات بکەن و بێ ڕەحمانە درێژە بە ڕەشەکوژی یەکتر بدەن، ئەی چ گەرەنتی و زەمانەتێک هەیە کە لە داهاتوودا شمشیر بە ڕووی داواکانی نەتەوەکانی دیکەدا بەرز ناکرێتەوە؟!

تەنگژەو قەیرانەکانی کابینەی نوری مالکی بۆ ئەو چاوگە ناکۆک و هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە پێشتر عێراقی لەسەر دروست کراوە، کەواتە تا چاوگەو هۆکارەکان لە جێگەی خۆیان دا بمێننەوە، تەنگژەو ئاڵۆزی و قەیرانەکان چارەسەر ناکرێن و گەورەتر دەبنەوە.

دیسانەوە دووپاتی دەکەینەوە ئەگەر گەلان و هێزە سیاسیەکان و سەرکردەکانی عێراق بیر لە بنبڕکردنی ستەم و چەوسانەوە دەکەنەوە، ئەگەر بە هیوای دوارۆژێکی پرشنگدار تێدەکۆشن، دەبێ لە سەر مێزی گفتوگۆدا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بڕیار لە بەڕێوەبردنی ریفراندۆم بدەن. دەبێ لە دەست پێکدا پرس و ڕاوێژ بە گەلانی عێراق بکرێ و ئەوان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان دا قسەی یەکەم و کۆتایی بکەن، دەبێ بزاندرێ کە ئایا بەیەکەوە ژیانیان لە چوارچێوەی عێراق دا دەوێ یان ڕێگە چارەی دیکە پەسند دەکەن و هەنگاوی بۆ دەهاوێژن؟!

